سووتان بە ڕاوێژێکی دیکەوە

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

بۆ «ڤاسیل سۆنینکۆ»(١)

ئەو بەیانییە ڕوو لە ئۆدسا
سەربازێک، خوێنی خۆی بەدیاری دەبرد
ئەوینیشی بە جێدەهێشت، لە شەقامە ترساوەکان

ڕوو لە ئۆدسا (٢)؛ لە چاوی پیاوێکدا ژنێک
هەڵدەهات
کە داهاتووی بزەیەکە
منداڵان دەیڵێنەوە لە قوتابخانە
وەک مایاکۆڤسکی شێتی بە نیگاکانیدا
پیاسەی دەکرد مەست!
هی دانە دانەی دارەکان
کە مەلەکان سنوورێک بۆ تەنیاییان
نەک هی ماریا
کە وەڕەزی خۆی تێدا لە قاودا

ئەو بەیانییە خوێنی خۆی لەقاو دابوو؛ سەربازێک
بە یەکە یەکەی شاشەکانی دونیاوە
کە شەرمی خۆیان دەشارنەوە لە بەستێنەکانی
جوانی

بۆم مەگرین کاتێک خوێنم (٣) بەدەست
گورگەکانەوە
دەبێتە دوا پێکی لووڕە
من ڕوو لە شەوێک دەحیلێنێ چەکەکەم
لە قوتبەوە زاووزێ دەکا تا شیعرێکی سەرەڕۆ

ڕوو لە "ئۆدسا" دەدرەوشێتەوە ولاتێک
لە گەمارۆی پۆتینەکانی تاریکدا

به مەودای زمانێکەوە بەستێنی بەفرە

با ڕابکا بە شەقامەکانی کۆتردا
دڕندەیی چەقۆیەک، کە باڵ نازانێ
با هەر بژمێرێ لەشی دارەکان
گوللەیەک کە لە زمانی باخ نامۆیە

سبەینێ ڕوو لە بڵواری جوانی،
کێلێک چەقاوە
بە ناسنامەی هەتاوێکەوە
شەوی هەتا کۆتایی خوێندەوە
و
بوو بە سروودی ڕووناکی باران

"ماریا! سوێند بێ بە وێرانییەکانی نیشتمان" (٤)
گەر بتهەوێ شەڕکەر نا
دەبمە چیرۆکێک لە هەموو ژنانی گریاو
گەر بتهەوێ
باڵندە نا
دەبمە سەرەتای هەڵفڕینی گشت شەقامەکان

سەربازەکان؛ نیشتمانیان لە قاوداوە
وەرە بە جووت سەر هەڵگرین بەرەو سەنگەرێک
کە سەرەتای نیشتمانی هەتاوە

شەڕڤانێک ئەو کازیوەیە
ئاور دەڕشاوە بە کاتی زستان
و
دەیکوت:
"بیکەنە خاتری ساماڵی نیگاتان" خەڵکینە
"ئێوە و نزای سنووورێکی بریندار بە شەیتان"
داگیرسێنن دانە دانەی پەنجەکانم!
من مەشغەڵێک دەبم لە تەنیایی شارم

پەیکەرێکیش دابتاشن لە هاوارم
کە سروودی نەتەوەیی کیژانی چاوشینی بەستێنی
گریانە

ئەو بەیانییە؛ شیعرێک دەنووسم
ئاڵۆز، هێندەی ئێستای جوغرافیای ئینسان
دواتر ڕادەمێنم لە حیلەی بڵێسە و
بەرە بەرە دەسووتێم

١- شاعیری گەورە و نەتەوەیی ئۆکراین کە شیعری "بۆ برای کوردم"ی بۆ ژانەکانی کورد نووسیوە، ئەو شیعرە لە لایەن (عیسا بۆتانی) یەوە کراوە بە کوردی، سپاس بۆ دوکتۆر فاتح سەعیدی ئەو شاعیرەی پێ ناساندم.
٢- ئەو شارەی مایاکۆڤسکی شاعیری فۆتۆریستی ڕووس تێیدا شەیدای ماریا بوو.
٣- سروودێکە کە سەربازێکی ئۆکراینی لە کاتێکدا ڕووی لە سەنگەری شەڕ کردبوو دەیکوتەوە. ئەو ڕستەیەم لە پەیجی شێرکۆ جیهانی وەرگرتووە کە تێیدا هەموو سروودەکەی داناوە.
٤- ئاماژە بە ماریای خۆشەویستی مایاکۆڤسکی و جۆری قەول و بەڵێنی شاعیر لەگەڵ بەردەنگی شیعرەکەی.